دەستی دەستپاکیی عێراق بە شایەتیدان بانگەشتی وەزیری پێشووی دارایی دەکات

دەستی دەستپاکیی عێراق بانگهێشتی عەلی عەلاوی وەزیری پێشووی دارایی عێراقی کردووە بەمەبەستی شایەتیدان لەبارەی کێکردنەوەی سامانی بەرپرسانی وڵات لە سامانی گشتیی.

لە نوسراوێکدا کە ئەمڕۆ سێشەممە لە دەستی دەستپاکییەوە ئاڕاستەی وەزارەتیی دارایی عێراق کراوە، داوای لەدەکات وەزیری پێشووی وەزارەتەکە ئاگاداربکرێتەوە بەمەبەستی چوونی بە دەستکە و وەرگرتنی قسەکانی و شایەتیدان لەسەر ئەو قسەیی بە یەکێک لە کێناڕەکانی راگەیاندنی کردووە کە وتویەتی 30 کەسایەتی سیاسیی بازرگان یاخود بازرگانی سیاسی هەن لە عێراقدا سامانەکیان زیاتر لە یەک ملیار دۆلار.

دەستی دەستپاکیی عێراق دەیوەت رووونکردنەوەی لەبارەی ئەو کەسانەوە دەستبکەوت لەگەڵ ناوی ئەو کەسایەتیانە و ئەو بانکانەی پارەکانیان تێدا هەڵگرتووە یان موڵک و ماڵەکانیان و هەر زانیارییەک کە لەبارەی ئەو کەسانەوە هەیەتی.

ئەمەش دوای ئەوە دێت، عەلی عەلاوی وەزیری پەشووی دارایی عێراق ڕاژی دووشەممە لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا دەرکەوت و قسەی کرد و ئاماژەی بە 30 کەس کرد کە سامانەکانیان زیاتر لە یەک ملیار دۆلارە و وتیشی، "سەرچاوەی گەورە دەوڵەمەندەکان لە عێراق دەوڵەتە، کە بەشێکی داهاتەکان دابەش دەکرێن و بەشێکی دەدزرێت.